# له بەهەشتدا دەرگایەک هەیە، پێی دەووترێت: ڕەیان، ڕۆژووگرەکان لەوێوە دەچنە ژوورەوە (بۆ نێو بەهەشت) له ڕۆژی قیامەتدا، جگە لە ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە

له سەهلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له بەهەشتدا دەرگایەک هەیە، پێی دەووترێت: ڕەیان، ڕۆژووگرەکان لەوێوە دەچنە ژوورەوە (بۆ نێو بەهەشت) له ڕۆژی قیامەتدا، جگە له ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە، دەووترێت: له کوێن ڕۆژووگرەکان؟ ئەوانیش هەڵدەستن وجگە له ئەوان کەسی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە، ئەگەر هەموویان چوونە ژوورەوە؛ دەرگاکە دادەخرێت وکەسی تر (لەو دەرگایەوە) ناچێتە ژوورەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشت پێی دەووترێت: دەرگای ڕەیان، ڕۆژووگران لەو دەرگایەوە دەچنە بەهەشت لە ڕۆژی قیامەتدا، وهیچ یەکێك جگە لە ئەوان لەو دەرگایەوە ناچێتە بەهەشتەوە، بانگ دەکرێت: کوان ڕۆژووگران؟ بۆیە هەڵدەستن ودەچنە نێویەوە، وهیچ یەکێك جگە لە ئەوان لەو دەرگایەوە ناچێتە بەهەشتەوە، کاتێك کۆتا کەسیان چووە بەهەشتەوە؛ دەرگاکە دادەخرێت وچیتر هیچ یەکێکی تر لەو دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3738

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee